

## جینان عەبدولناسر
### پاڵەوانی عێراق و کوردستان لە تێنسی سەر زەوی:

# زۆرمان لە هەگبەدایە، بەڵام کێشەمان زۆرە بۆیە ناتوانین ببینە جیهانی

ئێستا لە شاری هەولێر یاری تێنسی سەر زەوی پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆیەوە بینوە، بەتایبەتی لەسەر ئاستی کچان، کە زۆربەی یاریزانەکان پاڵەوانی عێراق و کوردستانن لە تەمەنە جیاوازەکاندا و لە هەماند کاتدا لە ریزی هەڵبژاردەی عێراق بانگهێشت دەکرێن بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە. جینان عەبدولناسر کچە یاریزانی یانەی پێشمەرگەی هەولێر تەمەنی ١٦ ساڵە و ماوەیەك پێش ئێستا بەشداری لە پاڵەوانێتی ئاسیا کرد، کە لە وڵاتی دوورگەکانی مالدیڤ ئەنجامدرا، دوای گەڕانەوەی بۆ هەولێری پایتەخت بۆ زیاتر ئاشنابوون بە ئەنجامەکانی لەم پاڵەوانێتییە و کێشە و گرفتەکانی لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.

دیمانە: رێبین رەمزی

فۆتۆ: سەروەر جان



*** تا چەند لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق بایەخ بە تێنسی سەر زەوی دەدرێت؟**

- هیچ بایەخێك بەم یارییە نادرێت، چ لە رووی یاریگا و پێداویستی یاریزانان و چ وەك پاڵپشتیکردنی یاریزانەکان.

*** هۆکار چییە لەسەر ئاستی عێراق پاڵەوانن و لە دەرەوە ئەنجامەکانتان وەکو پێویست نییە؟**

- زۆرمان لە هەگبەدایە، بەڵام کێشەمان زۆرە بۆیە ناتوانین ببینە یاریزانێکی جیهانی، هۆکاریش زۆرە، لەوانە نەبوونی یاریگای گونجاو و کەمی ئەنجامدانی مەشقی رۆژانە بەهۆی زۆری یاریزان و نەبوونی راهێنەری تایبەت بە یاریزانێك و نەبوونی ئۆردوگای مەشقی، لە هەمووی گرنگتریش ئێمە لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە رۆژێك پێش پاڵەوانێتی گەشت دەکەین، کەچی یاریزانەکانی تر چوار رۆژ پێش پاڵەوانێتییەکە گەشت دەکەن.

*** تا چەند یانەکانی کوردستان بایەخ بە یارییەکە دەدەن بە تایبەتی بە یاریزانی کچ؟**

- پێشتر یانەکان زۆر بایەخیان بە یارییەکە دەدا، بەتایبەتی یانەی پێشمەرگەی هەولێر، بەڵام ئەم قەیرانە داراییە وایکردووە یانەکانیش بەمشێوەیە بایەخمان پێ نەدەن. بەگشتی کچانی کوردستان کەمتر روو لەو یارییە دەکەن.

*** ئایا هیچ سوودێکت لە بەشداریکردنی پاڵەوانێتی ئاسیا کرد و ئایا تا چەند گرنگە بەشداری لەم جۆرە پاڵەوانێتیانە بکەی؟**

- سوودێکی زۆر باشم لێ وەرگرت، چونکە یاریزانە بەشداربووەکان لەسەر ئاستی ئاسیا خاوەن ریزبەند و ئەزموون بوون، بۆیە گرنگە ئێمە ساڵانە پاڵەوانێتی زیاترمان بۆ بکرێتەوە، ئێستا لە عێراق ساڵانە تەنیا ١ یان ٢ پاڵەوانێتی دەکرێتەوە، هەروەها دەبێت ساڵانە بەشداری لە پاڵەوانێتی زیاتر بکەین لەسەر ئاستی کیشوەری ئاسیا و وڵاتانی عەرەبی بۆ ئەوەی ئاستمان بەرز ببێتەوە و ئەزموونمان زیاتر بێت.

*** تا چەند خانەوادەکەت هۆکاری سەرکەوتنەکانتن لەم یارییە؟**

- باوکم خۆی پاڵەوانی پێشووی کوردستان بووە و هەروەها بەشداری لە چەندین پاڵەوانێتی لە دەرەوەی کوردستان کردووە و پلەی یەکەمی بە دەستهێناوە، ئێستا راهێنەری منە، زۆر پشتگیریم دەکات و سوود لە ئەزموونەکانی وەردەگرم، دایکیشم پشتگیرییەکی تەواوم دەکات و لە گشت پاڵەوانێتیەکان ئامادە دەبێت و هانم دەدات، بۆیە سوپاسیان دەکەم.

*** چۆن دەتوانی کاتەکانی خۆت لە نێوان خوێندن و مەشقکردن دابەش بکەیت؟**

- هەندێك کات بەهۆی خوێندن ناتوانم مەشقەکانی خۆم ئەنجام بدەم، چونکە خوێندن بۆ من زۆر گرنگە.لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵێکی زۆر دەدەم بۆ ئەوەی لە هەردوو بواردا سەرکەوتوو بم، ئەمەش ماندووبوونێکی زۆری دەوێت.

*** چ کچە یاریزانێك لەسەر ئاستی عێراق بە رکابەری خۆت دەزانی؟**

- زۆربەی یاریزانەکان ئاستیان بەرزە، بەڵام لە دوایین پاڵەوانێتی کچە یاریزانی شاری دهۆك رەند خەلیل کە هاوتەمەنی منە ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد و رکابەرم بوو.

*** بە ئاستی چ کچە یاریزانێك سەرسامی لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان و جیهانی؟**

- لەسەر ئاستی کچان سەرسامم بە ئاستی کچە یاریزان سیرینا ویلیامز، کە لە نزیکەوە بە دیداری شاد بووم و واژووی بۆ کردم، هیوادارم بگەمە ئاستی ئەم کچە یاریزانە و لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق سەرسامم بە ئاستی کچە یاریزانی دهۆك رەند خەلیل.

*** دوا پەیڤەت چییە؟**

- خەون بەوە دەبینم بەشداری لە پاڵەوانێتییەکانی جیهانی بکەم وەکو کچە یاریزانێکی کورد، بەڵام نەبوونی پاڵپشتی دارایی و مەعنوی بۆ یاریزانەکان رێگرن لە بەردەم بەدیهێنانی ئەم خەونە، لێرەوە زۆر سوپاسی یەکێتی تێنسی سەر زەوی عێراق و کوردستان و یەکێتی تێنسی سەر زەوی لقی هەولێر دەکەم، کە هەردەم پاڵپشتی من بوون و سوپاسی خانەوادەکەم دەکەم بۆ پشتگیریکردنیان و سوپاسی یانەی پێشمەرگەی هەولێر دەکەم، کە یارمەتی منیان داوە.





## پرۆفـــــایل

ناو: جینان عەبدولناسر
تەمەن: ١٦ ساڵ
یانە: یاریزانی یانەی پێشمەرگەی هەولێر و هەڵبژاردەی عێراق
دەستکەوتەکان: لە ٩ ساڵییەوە یاریزانی تێنسی سەر زەوییە تا ئێستا و لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان بەشداری پاڵەوانێتی زۆری کردووە و دەستکەوتی زۆری هەیە لەسەر ئەم ئاستە.
بەشدارییەکانی دەرەوە: لەسەر ئاستی پاڵەوانێتییە جیهانییەکان بەشداری لە ٣ پاڵەوانێتی دەرەوە کردووە لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق، بەشداری لە پاڵەوانێتی ئاسیا کردووە لە دوورگەکانی مالدیڤ لە قۆناغی یەکەم مالئاوایی کرد و بەشداری لە پاڵەوانێتی عەرەبی کردووە لە تونس و بەشداری لە پاڵەوانێتی رۆژئاوای ئاسیا کردووە لە لوبنان.

# یۆڤنتۆس سێ هێرشبەری لــــــــــــــــــ

یانەی یۆڤنتۆس لە هەوڵی ئەوەدایە بۆ وەرزی داهاتوو گرێبەست لەگەڵ هێرشبەرێکی بە توانا مۆربکات، بەمەبەستی بە دەستهێنانی نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لەگەڵ بوونی ئەگەری رۆیشتنی مۆراتا.

مۆراتا لەم وەرزدا ئاستێکی نموونەیی لەگەڵ یانەکەی پێشکەش کرد و بووە جێگەی سەرنجی زۆربەی یانە گەورەکان، بە تایبەتی یانەی ریاڵ مەدرید، کە مافی گەڕانەوەی یاریزانەکەی هەیە بۆ تیپەکەی.






## ـــــــــه شوێنی مۆراتا دیاریکردووه

بۆیه هەر لە ئێستاوه یانەی خانمه پیرەکه هەوڵ دەدات شوێنگرەوەی مۆراتا له وەرزی داهاتوو بدۆزێتەوه، بەپێی راپۆرتەی رۆژنامەکانی ئیتاڵیا یۆڤنتۆس لە هەوڵی کرینی یەکێك لەم سێ یاریزانەدایه (ئەدیسۆن کاڤانی) یاریزانی یانەی پاریس سان جێرمان و (رۆمێلۆ لۆکاکۆ) یاریزانی یانەی ئێڤرتۆن و (میتچی باتچوایی) یاریزانی یانەی مەرسلیای فەرەنسی، بە پێی هەمان راپۆرت یانەی خانمه پیرەکه پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ بەڕێوەبەری کارەکانی رۆمێلۆ لۆکاکۆ هەیه، بۆیه ئەگەرێکی زۆر هەیه ئەم یاریزانه له وەرزی داهاتوو پەیوەندی به یانەکه بکات.

## یایا تۆریه له یانەی ئەنتەر نزیکه

یانەی ئەنتەر میلان له هەوڵی ئەوەدایه گرێبەستێك پێشکەش بە ئەستێری مان سیتی یایا تۆریه بکات بەمەبەستی یاریکردنی ناوبراو له وەرزی داهاتوو له ریزی یانەکه.

رۆژنامەی کۆرێری دیلۆ سپۆرت بڵاوی کردووه، ئەنتەر بەنیازه گرێبەستێکی دوو ساڵی پێشکەش به یایا تۆریه بکات بڕەکەش نیوەی مووچەی ئێستایه، که له یانەی مانچستەر سیتی وەریدەگرێت.

به پێی رۆژنامەکه، یانەی ئەنتەر بری ٥ ملیۆن یۆری ساڵانەی پێشکەش تۆری کردووه، که ئێستا ناوبراو له یانەی مانچستەر سیتی ١٠ ملیۆن یۆرۆ وەردەگرێت.

له ماوەی رابردوودا هەواڵی رۆیشتنی یایا تۆریه له یانەی مانچستەر سیتی بازاری گەرمی رۆژنامەکان بوو لەگەڵ هاتنی گواردیۆلا بۆ تیپەکه، چونکه شەش ساڵ پێش ئێستا گواردیۆلا دەستبەرداری تۆریه بوو له یانەی بەرشلۆنه له پێناو یاریکردنی بۆسکێتس.



## سەرۆکی بەرشلۆنه هاندەرانی دڵنیا دەکاتەوه لەسەر دوا رۆژی نیمۆ

جۆسێب بارتیمیۆ سەرۆکی یانەی بەرشلۆنه له دیدارێکدا لەگەڵ رۆژنامەیەکی ئیسپانی تەئکیدی لەوه کردووه، که بەهیچ شێوەیەك ئەستێرەی تیپەکه و هەڵبژاردەی بەرازیل نیمار بۆ فرۆشتن نییه و هەر له تیپەکه دەمینێتەوه، بارتیمیۆ گوتی: نەیمار له بەرشلۆنه دەمینێتەوه و نیازی فرۆشتنی ئەم یاریزانه نییه و رێگا نادەین کەسیش گفتوگۆ لەگەڵ نیمۆ بکات.

بارتیمیۆ زیاتر گوتی: ئەگەر هەر یانەیەك ویستی گفتووگۆی لەگەڵ بکات، ئەوه بەهیچ شێوەیەك دەستەوەستان نابین.

لەم ماوەی رابردوودا ناوی نیمار بەسترابووه به ناوی هەردوو یانەی ریال مەدرید و پاریس سان جێرمان، تا رادەیەك هەواڵەکان باسی ئەوەیان دەکرد پاریس سان جێرمان ئامادەیی خۆی دەربریوه به پێدانی (١٥٥) ملیۆن جونەیهی ئەسترلینی بۆ یانەی بەرشلۆنه له پێناو دەستبەرداربوونی نیمار.

# هەڵۆ شەڕی مانەوە دەکات

لەگەڵ ئەوەی ئەم وەرزە یانەی وەرزشیی هەڵۆی دەڤەری بارزان بە ئامانجی ئەوە بوو بتوانێ ئەنجامێکی شایستە بەدەست بهێنێت لە یارییەکانی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، بەڵام بە هۆی ئەم قەیرانە داراییە سەختەی رووبەڕووی یانەکە بۆتەوە، نەیانتوانی کێبڕکێ لەسەر پلەکانی یەکەم و سەرکەوتن بۆ خولی نایابی کوردستان بکەن، لە ئێستاشدا یانەکە تەنیا هەوڵی مانەوە دەدات لە خولی پلە یەکی کوردستان، لەم بارەشەوە ئەحمەد



## کوردستان لە کۆمەڵەی دووەمە

هەر چەندە هەڵبژاردەی کوردستان لە ئێستادا خەریکی کۆکردنەوەی یاریزانانیەتی بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتی کۆنیفا کە لە ١ی حوزەیرانی داهاتوو لە هەرێمی ئەبغازیا-ی رووسیا بەڕێوەدەچێت، بۆیە راهێنەرانی هەڵبژاردەی کوردستانیش یاریگاکانی کوردستانیان بەسەرکردۆتەوە بۆ دەستنیشانکردنی یاریزانان بۆ بەشداریکردن لەم پاڵەوانێتییە بە هیوای دیاریکردنی کۆمەڵێك یاریزانانی بەتوانا بۆ تیپەکە، لە هەرێمی ئەبخازیاش رێوڕەسمی تیروپشکی دووەم پاڵەوانێتی کۆنیفا بەڕێوەچوو کە ساڵانە هەڵبژاردەی کوردستان بە کۆمەڵێك یاریزانی بەتواناوە بەشداری ئەم پاڵەوانێتییە دەکات، لەم پاڵەوانێتیەش ١٢ هەرێم بەشداری دەکەن کە دابەشکراون بەسەر چوار کۆمەڵە لە هەر کۆمەڵەیەکیش تەنیا یەك هەڵبژاردە سەردەکەوێت بۆ یارییەکانی قۆناغی چوار گۆشەی زێڕین، ئەنجامی تیروپشکەی پاڵەوانێتیەکەش بەم شێوەی خوارەوە بوو.

کۆمەڵەی یەکەم هەریەك لە هەڵبژاردەکانی (ئەبغازیا، دوورگەی چاگۆس، ئەمریکای رۆژئاوا)

کۆمەڵەی دووەم هەریەك لە هەڵبژاردەکانی (کوردستان، سزیکایلاند، کۆریای یەکگرتوو)

کۆمەڵەی سێیەم هەریەك لە هەڵبژاردەکانی (قوبرسی



خەلیل سەرۆکی یانەی وەرزشیی هەڵۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە ئێستادا کە ئێمە بەشداری یارییەکانی خولی پلە یەکی کوردستان دەکەین، قەیرانی سەختیش رووی لە ئێمە کردووە و شەش یاریزانی سەرەکیمان دووچاری پێکان بوون، ئەوەش کاریگەری هەیە لەسەر ئاستی تیپەکەمان و لە تواناکانیان بێبەش بووین، جگە لەوەش ئێمە لە رووی دارایی بارودۆخمان باش نییە و ٢٦ملیۆن دینارم لەماڵەوە هێناوە تەنیا بۆ مووچەی یاریزانانی تیپەکەمان، ئێمە چۆن بتوانین ئەم هەموو پارەیە دابین بکەین؟ هەر چەندە ئێمە ئەمساڵیش هیچ برە گرێبەستێکمان نەداوە تەنیا بە مووچەی مانگانەیە، چونکە توانای دابینکردنی گرێبەستمان نەبووە بۆ هیچ یاریزانێك تەنیا بە مووچەکانیان رازی بوون، تاکو ئێستاش هیچ کەسێك هاوکاری تیپەکە نەبووە هەر لەسەر خۆمان و بە قەرز بەرێوەچووین، مووچەی مانگێکی یاریزانانی خۆشمان نەداوە، ئەوەش گرفتە و دەبێت بۆیان دابین بکەین. بۆیە تاکە ئامانج کە ئەم وەرزە هەمانە مانەوەیە لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستانە هەموو هەوڵێك دەدەین کە لە خولی پلە یەکی کوردستان دانەبەزین.



باکوور، ریتیا، رۆمانی)

کۆمەڵەی چوارەمیش هەریەك لە هەڵبژاردەکانی (پەنجاب، ساپمی، سۆمالیلاند)-، و ئەم پاڵەوانێتیەش بۆ ماوەی حەوت رۆژ یارییەکانی بەردەوام دەبێت لە نێوان تیپە بەشداربووەکانی هەرێمە جیاوازەکان کە لە رۆژی ١ی حوزیران تاوەکو ٨ی حوزیران بەردەوام دەبێت سەرجەم یارییەکانیش لە هەرێمی ئەبغازیا بەرێوەدەچێت.



# هەولێر دەستبەرداری راهێنەرانی نابێت

لەگەڵ ئەوەی ئەم وەرز یانەی هەولێر بە دەست بەتاڵی هاتە دەرەوە لە خولی یانە پلە نایابەکانی عێراقی کە جیاواز لە هەموو ساڵان یانەی هەولێر بە پێکهاتەیەکی تەواو کوردییەوە بەشداری یارییەکانی کرد و یاریزانانی بوونە مایەی چاوتێرامانی یانەکانی دیکەی عێراق، راهێنەرانی یانەکەش سەرکەوتوو بوون لە درووستکردن و پشتبەستن بە یاریزانانی لاوی یانەکەیان، بەڵام دوای سەرنەکەوتی بۆ یارییەکانی خولی بژاردە، یانەی هەولێر بە شێوەی خواستن راهێنەرانی دایە یانەی نەفتی وەست بۆیە لە ئێستادا هەولێر بە هیچ شێوەك بریاری دەستبەرداربوونی لەم راهێنەرانە نەداوە، بەڵکو ئەوانە موڵکی یانەی وەرزشیی هەولێرن و تەنیا بە شێوەیەکی کاتی چوونەتە ریزی یانەی نەفتی وەست لە باشوری عێراق، لەم بارەشەوە مەحمودعەزیز جێگری سەرۆکی یانەی وەرزشیی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵ ئێمە جیاواز لە ساڵان پشتمان بە یاریزانانی شارەکەمان بەست و تا رادەیەکی باشیش سەرکەوتوو بووین لەم کارە تازەمان هەر چەندە نەمانتوانی ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین کە سەرکەوین بۆ قۆناغی داهاتوو، دوای ئەوەی ئێمەش سەرنەکەوتین بۆ قۆناغی داهاتوو یانەی نەفتی وەست هەر یەك لە راهێنەرانی ئێمە سائیر ئەحمەد و ئەحمەد سەلاحی بە شێوەی خواستن بردە ریزی یانەکەیان بۆ ئەوەی لە یارییەکانی داهاتوو پشت بە ئەزموونی ئەوان وەربگرێت لە خولەکانی عێراق و ئاسیا، ئێمە وەکو دەستەی کارگێری یانەی وەرزشیی هەولێر بە هیچ شێوەیەك دەستبەرداری دەستەی راهێنەرانی تیپەکەمان نەبووین و ناشبین و پلانی خۆمان هەیە کە چی بکەین بۆ ئەوەی یانەکەمان بگاتە ئاستێکی تر، بۆیە هەر کاتێك ئەرکەکەیان تەواو بوو لە یانەی نەفتی وەست، ئەوان پێوەندی بە ریزی یانەی وەرزشیی هەولێرەوە دەکەنەوە، ئێمەش لە کاتی خۆی بریاری خۆمان دەدەین و بەرنامەرێژییەکانی خۆمان بەردەوام دەکەین.» لە بارەی یاریزانانیش گوتی: »سەرجەم یاریزانانی خۆمان هەر لە تیپەکە ماون و ئێمەش کاری باشتر دەکەین بۆ داهاتوو.»

